


هێرۆ کوردە

# بەرلەوەی تەنیایی دڵم کڵۆم بدات... وەرە


بەرلەوەی تەنیایی دەهریم بکات
پیاوە چاوکاڵەکە
پیاوە شێتەکە
سپێدەیەک لە سیپاڵی "با"دا
و
ئێوارەیەک لەگەڵ "باران"دا
وەرە و سەرێک لە تەنیاییم بدە
ئەمێستا من لە باخەڵی تەنیاییدام
هاورێ جوانەکەم
ئێوارەیەک لە سیپاڵی عیشقدا
وەرە و خۆت بکە بە ژووری خەیاڵەکانمەوە
لە پشتەوە چاوم بگرە و
بە لێوەکانت ختوکەی پشتی ملم بدە
وەک مناڵێکی ورک گرتوو
قژم بژاکێنە و لە گوێمدا بە چرپە
قسە بکە.



وەک بووکەشووشەیەکی تەنیا
توند بمنوسێنە بە سنگتەوە و ماچم بکە
هاورێ زۆر زۆر دوورەکەم
ئێوارەیەک بەرلەوەی تەنیایی
ئاماژە بۆ کاتژمێرەکەی بکات و
دڵم کڵۆم بدات
وەرە
بە بزەیەک، نیگایەک، ماچێک
ئازارەکانم تار و مار بکە
کە تۆ نیت
ئەوەی دەیبینم "تراویلکە"یە.
ئەوەی دەیبیسم "درۆ"یە
ئەوەی دەیڵێم "وڕێنە"یە
ئەوەی دەیخۆم "ژەهر"ە و
ئەوەی دەیپۆشم تەنیاییە تەنیایی
هاورێ
تۆ نازانی
چەند تەنیام، چەند مات و عاجزم!!!
ئەوینت هەمیشە تەنیام دەکات
دەستم لە ناو دەستی "با"یەکی سەرشێت و بەڕ
دەمبات دوور دوور دوور
بە دار و دیوارم دەدات
زەوییە نامۆکانم پێ تەی دەکات
ژێر پێیەکانم ئاویان تێدا زاوە
چاوکاڵەکەم
وەرە و دەستم لە دەستی ئەم "با"یە سەرشێتە بکەرەوە
خاڵیم بکەوە لە تەنیایی
بمبەرەوە بۆ پۆلە خاوێنەکەی دڵداری
لەسەر رەحلەی "نیگا" گۆڕینەوە دام نیشێنە و



ئیملای "ماچ"م پێ بکە
فێری سەمام بکە یارۆ سەما
تەنیا و تەنیا سەما
دەرەقەتی ئەم تەنیاییە کوشندەیە دێت
خودام
لە جوانی و تەلیسمی ئەم پیاوە حاڵیم بکە
پڕپڕم بکە لە نەرمی و میهرەبانی ئەو دڵەی
پێستی بۆنی گوڵی باخچە زۆر دوورەکانی خەیاڵی لێ دێت
هەناسەی بۆنی زەوییە نسرمەکان
چاوەکانی تەڕ و گەش گەش
وەک گەشی ئەستێرە
وەک تەڕی باران
روحی بۆنی دارستان.
پیاوە میهرەبانەکە
قووڵ لێم بڕوانە و قووڵ تەماشام بکە
بۆنی چ تەنیاییەکی جاویدانم لێ دێ؟
بۆنی مردوویەکی هێند ناسکم لێ دێ
وەک ئەوەی هەرئێستا
پەپوولەیەک روحی مژیبێت و
بایەکی سارد جەستەی کفنپۆش کردبێت.
مردوویەکی هێند ناسکم
بەرهەناسەت بکەوم
وەک شووشە هاڕە دەکەم
مردوویەکی هێند روح بێدارم
بەرجەستەم بکەوی
هەڵدەستمەوە و سەما دەکەم
برادەرە شێتەکەم
بە زمانێ باسی خۆشەویستیت بۆ ئەکەم
لە "لاڵ"بوونەوە نزیکە

به ڕەنگێ باسی دنیات بۆ ئەکەم
لە بەرگی "سەراب"دایە.
هاوڕێ
SMSەکانی سپێدانت چەن شیرینن
ماچەکانی ئێوارانت چەن تەڕن
توبی خوا
یەکجاری تر و زیاتر نا
بە چاو (.........) بانگم بکە
نامەکانت، ماچەکانت
شەڕفرۆشتن و قسە نەرم و ڕەقەکانت
خۆم ئەم کچە قنجەی ناوم دەهێننە سەما
لەوە زیاتر دوودڵ مەبە
لەم هەرێمەی خۆشەویستی عەیبە
ژوانێکم لە گوڵ و ماچ بۆ چێ بکە
خاڵیم بکەوە لە حەزی شووکردن
حەزی دووگیانی بوون بە کچێکی "ڕەش ئەسمەر"
بمکە بە چای عەسرانێکت و فڕم بکە
بە پێکی ئێوارانێکی پڕ تەنیاییت و
پێم مەست بە

گرێیەک لە دڵمایە
دەمکوژێت و ناکرێتەوە
دەمسووتێنێت دانامرکێت
پەلە بکە هاوڕێ
بەرلەوەی تەنیایی دەهریم بکات
وەرە
لە پشتەوە چاوم بگرە و
بە لێوە زبرەکانت ختوکەی پشتەملم بدە..

١١ی تەمموزی ٢٠٠٩